# ئیمپراتۆریەتی کەسنەزان

## شێخێك لە سلێمانی خەون بە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتەوە دەبینێت

راپۆرتی هەردی مەهدی و بێستون ژاڵەیی
فۆتۆ هەردی



●بارەگا سەرەکییەکەی لەسەر گردێکە لە نزیك باخی بەختیاری لە سلێمانی، لەوێ چواردەوری ئەو گردە بە بەردی مەڕمەڕ گیراوە، زیاتر لە بارەگایەکی تایبەتی حکومەت دەچێت کە کەس نەتوانێ بەئاسانی بگاتە ئەودیوی ئەو دیوارە درێژە سپییە کە گردەکەی تەنیوە، ئەوانەی سەفەری هەولێرو کەرکوك دەکەن لەوێوە ماشێنەکەیان تێدەپەڕێو سەرنشین ئەو پرسیارە دێتە خەیاڵییەوە، ئێرە بارەگای چ دەزگایەك یان موڵکی چ بەرپرسێك بێت، بەتایبەتی کە لە هەر چوارلاوە چەند خاڵێکی پاسەوانی بۆ دانراوە، بۆ پارێزگاری لە بارەگاکە... ئەوێماڵی شێخی گەورەی تەریقەتی کەسنەزانی قادرییە، شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، ئەو بینایە ساڵی 2000 لە پیاوێکیان کڕیوە بەناوی (فەرەیدون عەبدولقادر)..

خەلیفە مەجیدی راوێژکاری راگەیاندنو پەیوەندییە دەرەکییەکانی شێخو سکرتێری شێخ نەهرۆ شێخ محەمەد سەرۆکی حزبی تەجەموعی عێراقی،کە خاوەن بڕوانامەیەکی بەرزەو خەڵکی شاری بەغدایەو ئێستا لە تەکیەی شێخە، رۆژانە پەیوەندییەکانی شیخ رێکدەخات بۆ دیداری شێخ. ناکرێ بەسانایی بچیتە ژوورەوە، زیاتر بە بارەگایەکی وەکو وەزارەتی ناوخۆ دەچێت، چونکە رێژەیەکی زۆر پۆلیسو چەکداری لێیە، لەمەش زیاتر کە دەچیتە ژوورەوە پیاوێکی خۆش قسەو بەخوڵك کە دوو نەجمەو داڵێکی لەسەر شانە، پێشوازیت لێدەکاتو لە وردەکاری هۆکاری سەردانەکەت دەپرسێ. لە پرسگە ماوەی 15 تا 20 دەقیقە دانیشتین تا رائید لەتیف مۆڵەتی بۆ وەرگرتین نەك بۆ دیدەدەنی جەنابی شێخ، بەڵکو بۆ یەکێك لە خەلیفەکانی تا لە رێگەی ئەوەوە بگاتە جەنابی شێخ.

ئەو پرسگەیەی رائید لەتیفی لێبوو لە بابولنیزامێکی رەسمی دەچوو، کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل راوەستاونو زیاتر لە 30 پۆلیس لەو ناوەدان، وەك ئەوەی پرسگەی سەرۆك وەزیران یان سەرۆك کۆمار یان لانیکەم بارەگای ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتێك بێت.

لەو پرسگەیەوە ماڵئاواییمان لە رائید لەتیف کردو بەرەو لای خەلیفە مەجیدو خەلیفە ریاز کە ئەمەی دواییان بڕوانامەی ئەندازیاری فڕۆکەوانی هەیەو پێشتر لە سوپای عێراقی پێشوودا پلەی لیوای هەبووەو خەڵکی بەسرەیە. زیاتر لە نیو کیلۆمەتر رۆیشتین لەگەڵ یەکێك لە دەروێشەکان تا گەیشتینە هۆڵی پێشوازی یان تەکیەی جەنابی شێخ، لەوێ خەلیفە (مەجیدو ریاز) چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. بەر لەوەی بگەینە ئەوێ تووشی سەرسامی هاتین، ئەرێ زۆرتر لە ئیمپراتۆریەتێك دەچوو، دەتوت لە دەرەوەی شاری سلێمانیداین.. ئاخر لەوێ لەو رێگا کورتەدا دەیان کەسی جۆراوجۆر لە عەرەبی سوریو عێراقیو میسریو سودانیو



مەغریبیو فارسی پاکستانیو هیندیو .... هەریەك بەجۆرێك بەوتەی خۆیان خزمەتی تەریقەتە ڕۆحانییەکەیان دەکەن وەك ئەسعەدی سودانی پێیوتین، ڕەنگە تەنیا جیاوازی ئیمپراتۆرێك لەگەڵ تەریقەتو جەنابی شێخدا ئەوەبێت ئیمپراتۆرەکانی مێژوو زیاتر بەدوای خاکی فراوانترو باڵادەستی ڕەگەزێکدا گەڕابن، بەڵام لە تەریقەتی کەسنەزانیو ماڵی جەنابی شێخدا شێخ خاکی کەمە، بەڵام هەموو ڕەگەزەکانو ڕەنگەکانو زمانەکان لەخۆدەگرێت، لە ناوەڕاستو لە لوتکەی گردەکەدا نزیك تەکیەی شێخ، ئاڵایەکی ڕەش دروشانو نەخشێنراو بە قەیتانی ئاڵتونی دەشەکایەوە، کە نەسەبی تەریقەتو بنەماڵەکەی لەسەر نووسراوە.

خەلیفە مەجید داوای تەوەرو گفتوگۆو پرسیارەکانی کرد، دواتر بەڵێنیدا کە شێخ وەڵامی باتەوەو مۆڵەتی دیدارمان وەربگرێ، لەوێدا کتێبێکی 24 بەرگ کە نزیکەی 40 کیلۆ دەبوو پێشکەشکردین، هاوتا لەگەڵ کتێبێکی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە دامەزرێنەری تەریقەتی قادرییە...

پاش دوو هەفتە تەلەفۆنیان بۆکردینەوە بۆ دیداری شێخ.

سەرلەبەیانییەکی هەینی بوو، دیاربوو ئەو ڕۆژە مەراسیمێکی تایبەتی سازدەدرا کە بەپێی نەریتی تەریقەت لە ڕۆژانی هەینیدا ئەنجامدەدرا...، نزیکی سەعات 11 بە دەفو تەهلیلەو زیکرو حەی ئەڵاو بەستنی حەلقەی زیکر سەرەتای مەراسیمەکە دەستپێکرد.

پاش حاڵڵێهاتنی دەروێشەکانو پیاوانی دەرباری تەریقەت. هەموو بە دەم زیکرەوە چاوەڕوانی هاتنی شێخ بوون. لەولاشەوە دەیان ژنو مناڵو پیاوانی زیارەتکار هاتبوونە دیداری شێخو هەندێکیشیان بۆ شیفاو دوعای خێرو بەرەکەتی شێخ گەشتبوونە ئەوێ... پاش ماوەیەك شێخ بە هێمنییو بەویقارو بە جامانەیەکەوە کە لە سەرودەمی هەڵپێچابوو بەدەم زیکرەوە گەشتە ناوەڕاستی ئەڵقەی زیکرەکەو فاتیحایەکی خوێندو لەسەر چۆك دانیشت بۆ دەستبەرزکردنەوەو دوعاکردن. دواتر بە سەڵەواتێك کۆتایی بەو مەراسیمە بەردەوامەی ڕۆژانی هەینی هاتو شێخ چووە ژوورەوە تایبەتەکەی خۆیەوە.

ئیتر کاتی چاوپێکەوتنی شێخ بوو، لە گفتوگۆی ئەو نیوەڕۆیەدا شێخ زۆر بەهێمنیو ویقار لە سیمایدا دەخوێندرایەوە، بە تەسبیحێکی زەردو گۆچانێکی نەخشێندراوەوە بۆمان دەدوا... ئەو باسی لە پەیوەندیی ڕۆحانیی نەسەبەکەیانو خەلیفەو دەروێشو خەڵکانی دەوروبەری دەکرد کە هەرگیز ڕەگەزو زمانو جیاوازی سنوور ناخوێندرێتەوە، بەوتەی شێخ لەوێ ئەوەی گرنگە دڵو ئیمانو تەقوایەو گرنگ ئەوەیە لە خودا نزیکببیتەوە... شێخ لەوەدوا، کە موریدانی تەریقەتی لە دەیان وڵاتی تەکیەیان هەیەو خۆی سەردانی کردوون، لەوانەش ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی عەرەبیو ...تاد. ئەم تەریقەتە بەرفراوانە خاوەنی هەردوو ڕۆژنامەی (المشرق‌و العراق)ەو هاوکات کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە شارەکانی ناوەڕاستی عێراق هەیە بەناوی (المشرق)و وەرزانەش گۆڤاری (الکسنزانیە) دەردەکەن....

لەبارەی ئەوەی بۆچی کەمتر ئەدەبیاتیان بەکوردی بڵاودەکەنەوەو ڕۆژنامەو کەناڵی کوردییان نییە، شێخ محەمەد وتی: "ئەو ڕۆشنبیرو ئیعلامییانەی لەدەورمان زیاتر عەرەبو زمانەکانی ترن، کوردەکان لە ڕووی زمانەوە نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوان تابتوانن ڕۆژنامەو کەناڵو گۆڤار دەربکەن. ئەگەرنا شێخ داکۆکی لە کوردبوونی خۆی کردو خۆی بە خزمەتکاری میللەتەکەی لەقەڵەمداو بنەماڵەکەیانی هەر بەوجۆرە وەسفکرد.

لەبارەی پەیوەندی (عیزەت دوری) بە شێخو تەریقەتی قادرییەوە کە پرسیاری زۆرێك لە هاوڵاتیانە، جەنابی شێخ وتی: "عیزەت دوریو زۆرێك لە سەرکردەکانی دیکەی بەعسو حزبەکانی تر هاتوونەتە تەکیەکانەوە"، ئەو وتی: "ئێمە گرفتمان لەگەڵ کەسدا نییەو دڵی کەسیش لەتناکەین، کەسێك ئێمەی خۆشبوێ، دەستنانێین بەڕوویەوە" ئەو بەڕاشکاوی وتی: "بەڵێ هاتووەو سەردانی کردووە. لە دڵیدا چی بووە، گرفتی ئێمە نییە، ئێمە دەرگامان بەڕووی هەموو کەسدا کراوەیەو دیداری دەکەین، پەیوەندیی سیاسییو ئامانجی سیاسییمان نییە، ئامانجمان پەیامەکەی خوداو ئیمانە تەنانەت هەندێ کەسمان هەیە مەسیحییە، بەخۆی دەڵێ من (مەسیحیی قادری)م".

کاتی دیداری ئێمە لەگەڵ شێخدا کاتی نوێژی هەینی بوو، بەتایبەت دەروێشو پیاوانی تەریقەت ئیزنیان لە شێخ وەردەگرتو دەچوونە مزگەوتەکەی ئەو بارەگایەوە. جەنابی شێخ بەدەم مۆڵەتدان بەو پیاوە دڵپاکانە بۆ نوێژی هەینی، وەڵامی پرسیارە سیاسییو زبرەکانی ئێمەی زۆر بەهێمنیو بەلێبوردەییەوە دەدایەوە، هاوتای زمانە پاراوە کوردییەکەی ئەوسا لە وەڵامەکانەوە دەتزانی چەندێك شارەزای مێژووو ئەرکانو بنەماکانی تەریقەتو قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ). ئێمەش بەردەوامبووین لە پرسیارکردنو دەمانپرسی:

**لڤین: مامەڵەتان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان (پارتیو یەکێتیو حزبە ئیسلامییەکاندا) چۆنە؟**

شێخ: تەریقەتەکەمان لەگەڵ هەموو ئەو برایانەدا باشە کە دەسەڵاتی کوردی بەڕێوەدەبەن لە کوردستان، پەیوەندییەکانیشمان لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنەو تەریقەتی ئێمەش ئایینییەو پێرەوێکی پەروەردەییو ڕۆحی هەیەو ئێمە هەموومانمان خۆشدەوێو ڕێز لە هەموو کەس دەگرین.



**لڤین: راتان لەبارەی حزبی ئیسلامییەوە چییە؟**

شێخ: گەر مەبەست لە حزبی ئیسلامی بریتیبێت لەوەی ئیسلام بکاتە پردێك بۆ پەڕینەوەو بەرجەستەکردنی مەرامە تاکەکەسییەکان. ئەوا ئێمە (دانی پێدان نانێین)، بەڵام گەر حزبایەتی مەبەستی گەیاندنی پەیامی ئیسلام بێت بە وێنایەکی روونو نەشێوێنراو لە رێگەی کەناڵو دەزگا حزبییەکانەوە، ئەوا گرفتێك نییە.

**لڤین: راستە کەوا پارتیو یەکێتی پارەو سامانێکی فراوانتان دەدەنێو مووچەی موریدەکانتان دەدەن؟**

شێخ: پرسیارەکە بەمجۆرە بێت باشترە: ئایا تەریقەت دەزگایەکە لە دەزگاکانی یەکێتیو پارتی؟ لە راستیدا تەریقەت هیچ رۆژێك پارەو سامانێکی نە لە پارتیو نە لە یەکێتی وەرنەگرتووەو دەتوانن ئەم پرسیارە ئاراستەی پارتیو یەکێتی خۆیان بکەن بۆ دەرکەوتنی راستی، تەنانەت یەك مەتر زەوییان بەئێمە نەداوەو ئەوەی کە هەمانە کڕیومانە، بۆ ئەمەش دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرێتی تۆماری خانووبەرە بکەنو بزانن ئەو زەوییانە وەرمانگرتوون خەڵاتن یان کڕیومانن، ئەم پڕوپاگەندەو درۆیانە کە هەندێك بڵاوەی پێدەکەن، هیچ نییە جگە لە شێواندنو تەشهیرکردن نەبێت، بەڵام لەبارەی مووچەی موریدەکانمان لەلایەن یەکێتییەوە بدرێ یان پارتی، ئەوەش پڕوپاگەندەو بوختانێکی دیکەیە.

**لڤین: ئەی سەرچاوەی داراییتان لە کوێوەیە؟**

شێخ: تەریقەت ئینتیمایەکی مرۆڤایەتی گەورەی هەیە، ئەم ئینتیمایە بەقەد خۆی ئەگەر دروستبێت دەستەواژەکە پێویستی بەبوونی کیانێکی ئابووریش هەیە کە تەریقەتەکە بپارێزێ، سوپاس بۆ خوا، چەندین کۆمپانیای گرنگی ئابووریی هەیە کە خەلیفەو موریدەکان بەڕێوەیدەبەنو سەر بە تەریقەتنو هەر ئەوەش سەرچاوەی دارایی تەریقەتە.

**لڤین: لە مێژوودا سەرکردە کوردەکانو پیاوە ئاینییەکان لەگەڵ ستەملێکراواندا بوون دژی ستەمکارانو گەندەڵکاران، بەتایبەتی دژی ئەو گەندەڵییەی کە هەیەو پاڵی بەخەڵکەوە ناوە بۆ خۆپیشاندانو توڕەبوونو مانگرتن؟**

شێخ: لە راستیدا گەندەڵی داراییو ئیداری لە دەزگاکانی دەوڵەتدا هەیەو ئەمەش قبوڵنەکراوە بەکورتی، بەڵام پێویستە لەسەرمان بەم مەسەلەیەدا بەوردی بچینەوەو لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی لایەنو کەسی تر تۆمەتبار نەکەین.

هەورەك دەشزانین کە سەرکردایەتی کورد بە دۆخێکی قورسدا تێدەپەڕێتو دۆخەکە هەستیارە لە عێراقداو پێویستە هەوڵەکان چڕبکرێنەوەو بۆ گرنگترین، ئێمە ئامۆژگاری ئەوە دەکەین کە هەندێکمان پاساو بۆ هەندێکی ترمان بێنینەوە، گەر رەعیەت پاساوی لێبوردن بۆ لێپرسراو هێنایەوەو لێپرسراویش پاساوو لێبوردنی بۆ رەعیەتەکەی هێنایەوە ئەوا توانای ئارامگرتنو سەبرمان زیاددەبێت.

**لڤین: دەڵێن گوایە پارچەیەک زەویتان پێدراوە لە تاسلوجە لەلایەن حکومەتەوە، ئێوەش دەتانەوێ لەوێدا شارێک بۆ شوێنەکەوتووانتان دروستبکەن؟**

شێخ: ئەوە جگە لە بوختانێك هیچی تر نییە.

**لڤین: حزبەکان هیچ هەوڵی دزینو بەکارهێنانی دەروێشەکان ئێوەیان نەداوە؟**

شێخ: بۆچی حزبەکان ئەو هەوڵە دەدەن؟ ئایا دەروێشەکان ئەو نهێنییەیان لایە کە حزبەکان سوودی لێوەرگرن؟! تەریقەت بریتییە لە پاککردنەوەی دەروونو لادانی ئافاتەکان ئەمەش پێڕەوێکە بۆ ئەوەی دەروێش ببێتە رەگەزێکی چاك تا کۆمەڵگە سوودی لێوەرگرێ. ئێمە هیچ پرۆگرامێکی ترمان لانییە کە هەڕەشە بێت بۆ سەر ئایدۆلۆژیا حزبیەکان تا وابکات دەروێشەکان هەوڵی دزینیان بدرێ، بەڵکو ئێمە حەزدەکەین خەڵکانی تر تێکەڵی دەروێشەکان بن بۆ ئەوەی راستی پرۆگرامەکەو ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەین بزانن.

**لڤین: ئایا تائێستا داواتان لە دەروێشەکانتان کردووە بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ حزبێکی دیاریکراو هەبێت؟**

شێخ: ئێمە داواناکەین لە موریدەکانمان بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ حزبەکان هەبێت، بەڵکو داوایانلێدەکەین ئیلتیزام بە مەنهەجە رۆحییەکەوە بکەن کە لە توانایدا هەیە موریدەکە بپارێزێ لە وەهمەکانو خراپەکاری، تا لە فەزای چاودێریو بینینو جوانی خوداییدا خۆی ببینێتەوە.

**لڤین: ئایا سنوورو بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکەتان تا کوێیەو لە کوێ تەکیەو موریدتان هەیە؟**

شێخ: تەریقەتی کەسنەزانی لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقدا هەیەو بەپێی جیاوازی، چەندین تەکیەی فەرعیشمان هەیە لە شارو شارۆچکەکانی تردا کە هەریەکەیان لە سەدان مورید بەشێوەیەکی ئاسایی سەردانمان دەکەن. بەڵام لە بۆنەو یادەکاندا ئەوا لە ژمارەی سەردانکەرو شوێنکەوتووان کەوتنە تەکیەکانو سەدان هەزار کەس دەبن لە سەرجەم تەکیەکاندا.





لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش تەریقەتی کەسنەزانی لە وڵاتانی گەورەی وەك هندستانو پاکستانو کەنەداو ئەمریکاو بەریتانیاو ... تاد هەیە.

لڤین: جیاوازی چییە لەنێوان تەریقەتی ئێوەو تەریقەتەکانی تری وەك رەفاعیو نەقشبەندیو ... تاد؟

شێخ: لە گرنگترین جیاوازییەکان:

1- کەسنەزانییە تەریقەتێکی بەدوای یەکداهاتووی دانەبڕاوە.

2- ئەم تەریقەتە گوازراوەتەوە لە شێخێکەوە بۆ شێخێکی تر بە واسیتەی موبایەعەوە یان لە رێگەی تەوقەوە، دەست بەدەست.

3- گەورەو ساداتی ئەم شێخانە لە ئیمام عەلی (ر) دەستپێکراوەو گەیشتووە بە ئەوسی ئەعزەم، شێخ عەبدولقادری گەیلانی، (خوایان لێڕازیبێت)و بە ساداتی کەسنەزانی کۆتاییهاتووە (قدس الله سره).



4- نهێنییەکەی رۆحییە، هەربۆیە وشەی کەسنەزانی بەسەردابڕاوە و ئاماژەیە بۆ:

ا- هیچ یەکێك نهێنی ئەم توانا رۆحییە نازانێت بەپێی گەورەیی و دەستپێکردنی.

ب- ئەم نهێنیو گەورەییە لەناو بنەماڵەی کەسنەزانیدا وەك میرات ماوەتەوەو لەناویاندا لەلایەنی رۆحییەوە تا رۆژی دوایی، هەربۆیە بە (سوڵتانەکانی غەیب) ناوبراون.

5- دەرکەوتنی پلەی (غوثیة العظمی)ی لە ساداتی کەسنەزانیداو دەسەڵاتییان بەسەر دەوڵەتە رۆحییەکەداو مانەوەی تەریقەتە بەهۆی ئەوەی کە هەڵگری ئەم نهێنییە موتڵەقەن.

6-زۆریوبەهێزی زیکرەکانیتەریقەتوویردەکانی.

